نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار
کرێکارانی جیهان یەکگرن!
دیموکراسی بۆ عێراق و مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان

ڕێگای کوردستان

ژمارە (٨٦٨)
چوارشەممە ٦/ ١/ ٢٠١٠
بەفرانباری ٢٧٠٩
نرخ (٥٠٠) دینار

NO: 868
6/1/2010
www.Regaykurdistan.com

یەکەمین ژمارەی بە ناوی (ئازادی) لە نیسانی ١٩٤٥دا دەرچووە

◆ General political weekly Issued By K. C. P
◆ هەفتەنامە یەکی سیاسییە ، حزبی شیوعی کوردستان دەریدەکات

تورکیا تاکو ئێستا (٢٥) پارتی سیاسی هەڵوەشاندۆتەوە

م. زرار قادر

◆ 3

لەماوەی (٣٦)ساڵی دەسەڵاتی بەعسدا یەك پارچە زەوی لەخانەقین دابەش نەکراوە

بەدواداچوون. کاوە گەرمیانی

◆ 4

لەوەتەی ئۆباما بۆتە سەرۆکی ئەمریکا (٧٠٠)هەزار کەس کارەکانیان لەدەستداوە.

جیهان قادر

◆ 9

حزبی شیوعی: داواکارە یاسای زیندانییە سیاسییەکان، مافی قوربانییانی سەردەمی بەعس بێ جیاوازی دەستەبەر بکات

لە نووسراوێکی فەرمیدا کەوێنەیەکی دەست ڕێگای کوردستان کەوتووە، مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان پێشنیازی هەموارکردنی یاسای ژمارە ٤ ی ساڵی ٢٠٠٦ ی تایبەت بە زیندانییە سیاسییەکان دەخاتە بەردەست هەر یەك لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ سەرۆکی پەرلەمانی عێراق.

لە نووسراوەکەدا کە ١٥ /١٢ /٢٠٠٩ ئاراستەی سەرۆکایەتییەکانی هەریەك لە هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ کراوە، مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان داوادەکات یاسای ژمارە ٤ ی تایبەت بە زیندانییە ساسییەکان هەموار بکرێت، بەشێوەیەك کە مافی سەرجەم قوربانیانی سەردەمی رژێمی دیکتاتۆریی بەعسی تێدا پارێزراو بێ و هیچ جۆرە جیاوازییەك لە نێوان قوربانیانی ناوچە جیاجیاکانی عێراق نەکرێ.

نووسراوەکە ئاماژە بەوەش دەکات کە یاسای ناوبراو وەکو پێویست جێبەجێ نەکراوە لە سەرتاسەری عێراقدا، بەتایبەتیش کە ژمارەیەکی بەرچاوی قوربانیانی کوردستان بەپێی بڕگەکانی ئەو یاسایە تاکو ئێستا مافەکانیان بۆ دەستەبەرنەکراوە، کە ئەمەش وادەخوازێ ڕێکاری پێویست بگیرێتە بەر بۆ ئەوەی دادوەری و یەکسانی پێویست بێتەدی.

نووسراوەکەی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان دوو خاڵی دیکەی گرنگی پێشنیارکردووە کە پێویستە لە هەموارکردنی یاسای ناوبراودا ڕەچاوبکرێن، یەکەمیان: یاساکە تەنها زیندانیانی سیاسی ماوەی نێوان ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ - ٩ /٤ /٢٠٠٣ دەگرێتەوە، کەچی ژمارەیەکی بەرچاوی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە سەرەتای ساڵی ١٩٦١ ەوە بەهۆی هەڵوێستی سیاسی و تێکۆشانیان لە پێناو دیموکراسیدا دووچاری ئەشکەنجە و ڕاوەدوونان و زیندانیکردن بوون، بۆیە داوادەکات یاساکە هەموار بکرێت تا ئەوانیش بگرێتەوە، دووەمیان: ڕێنمایی یاسایی دەربکرێت بۆ ئەوەی هەمان یاسای ناوبراو قوربانیانی هەڵمەتی گرتن و زیندانیکردنی بەرفراوانی دوای کودێتا شومەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بگرێتەوە".

لە هەڵەبجە ژمارەیەك مەلا نایانەوێت کەسی سەربەئایینەکانی دیکە ببێتە قایمقام

کتێبخانەی شاکار لەدارەتوو سوتا

بەکر تەیفور

نیوە شەوی سێ لەسەر چواری یەکی ٢٠١٠ پەڕاوگەو پەرتوکخانەی شاکار لەدارەتوو سووتا، مامۆستا خدر عەبدوڵڵا خاوەنی پەڕاوگەکە لەوبارەیەوە بۆ ڕێگای کوردستان وتی: کاتژمێر دوو سی خولەکی شەو ئاگاداریان کردمەوە نزیکەی ٢٠خولەکێك دەبوو ئاگری گرتبوو هەتا پەیوەندیم بەئاگر کوژانەوە کردو لەبنەسلاوە هاتن و ئەویش کۆڵو کۆی دامرکاو سووتا وەلەبارەی ئەوەی کەگومان لەچی دەکەی لەهۆکاری سوتانەکەی؟ وتی ٨٠٪ ی بەهۆی شۆرتی کارەباوە بووە گومانم بۆشتی دیکە ناچێت، چونکە کورەکەم ئێوارە پەڕاوگەکەی داخستبوو، گومان دەکەم سۆپا کارەباییەکەی نەکوژاندبۆوەو هۆکاریش هەر ئەوە بووە وایەرەکەی گەرمبوەو توا بۆوەو سوتاوە، هەروەها وتی: زیانی ڕووداوەکە دەخەملێندرێ بەبەهای شەش تاحەوت ملیۆن دیناری عێراقی وەسەبارەت بەوەی دەستێك لەپشت ئەم کارەوە بوبێ؟ وتی: من کەسێکم هەڵگری بیروباوەڕی کرانەوەمو کەمتر لایەنگیری لایەنێك بم، بۆیە بەچاوی ڕێزەوە دەڕوانمە هەموو لایەنە سیاسییەکانو پێشم وانییە کەسێك یاخود لایەنێك دڵی لێم ڕەنجابێو بەو بۆنەیەشەوە گومانم لەکەس نییە، کتێبخانەکەم بلاوکراوەی سەرجەم لایەنەکانی تێدابوو هەر لەپارتە دەسەڵاتەکانو تا دەگاتە بلاوکراوەکانی ئۆپۆزسیۆنو لەرێگای پەڕاوگەکەمەوە گەیاندومەتە هاوولاتیان. ئیتر دەسەلات پێی خۆش بووبێ یاخودنا ئەوەمکردووە دواتر لەبارەی ئەوەی ئایا ئومێدێك هەیە بۆ قەرەبوو کردنەوەی؟ وتی: لەپاریزگای هەولێر بەڵێنیان پێداوم قەرەبووم بکەنەوە چونکە کابینەی پەڕاوگەکە pvc یە بەگشتی سوتاوە بەکەڵکی هیچ نایەت. بۆیە ئومێد دەکەم لەوبارەیەوە هاریکاریم بکەن.

د.نەجم ئەڵوەنی مامۆستای زانکۆ
زۆربەی سەرچاوەکانی زانکۆ هی ساڵانی شەستەکانە

لەدیمانەیەکی لەگەڵ ڕێگای کوردستاندا، مامۆستای کۆلێژی زمان لەزانکۆی سەلاحەددین (د.نەجم ئەڵوەنی) تیشك دەخاتە سەر پرسی زانکۆ ئاماژە بەوەدەدات کەزانکۆ نەك لەکوردستان بەڵکو لەهەموو عێراقو بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهانی سێیەم کارگەیەکە بۆ دروستکردن سوپایەکی گەورەی بێکاران، سەبارەت بەدواکەوتوویی ئەم ڕەوشەی زانکۆ گوتی: گرفتەکە هەر لەقۆناغی سەرەتایی خوێندنەوە دەستپێدەکات، چونکە زۆربەی مامۆستایان تەنها ئەرکێکی وەزیفی ئەنجام دەدەن، بەشێوەیەکی زۆر کلاسیکی دەڕۆنە پۆلەکانی خوێندنەوە، پەروەردەکردنی قوتابی وانییە کەبتوانن ڕۆلێکی ئیجابی لەکۆمەڵگەدا بگێرن، هەربۆیە قوتابی کەدێتە زانکۆش باکگراوندی ڕۆشنبیری نییە، تەنانەت ناوی چەند شاعیرو ئەدیبێکی کوردیش نازانێ، هاوکات گوتی جگە لەخودی قوتابی گرنگە مامۆستایانی زانکۆش شارەزاو بەتوانابن نەك توانای پێشکەشکردنی بەرهەمێکی زانستی نەبێت، وەدەبێت مامۆستای زانکۆ بەگوێرەی ڕۆشنبیریو لێهاتووی بکرێت بە مامۆستای زانکۆ نەك بەپشتگیری حزبی، دەقی دیمانەکە لە لاپەرە (٦) بخوێنەوە.

پەیامنێری هەڵەبجە

پاش ئەوەی پێشنیاری دانانی "گۆران ئەدهەم"پارێزەری دۆسیەی هەڵەبجە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دەکرێت وەك کەسێك بۆ قایمقامی هەڵەبجە،ژمارەیەك مامۆستای ئایینی لە وتاری هەینیدا و لە مینبەری مزگەوتەکانیانەوە هێرشە دەکەنە سەر کاك گۆران و بە کەسێکی نەگونجاوی دادەنێن بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە بە پاساوی ئەوەی لەرووی ئایینییەوە ئیسلام نییە بەڵکو لە دینی کاکەییەکانە.

گۆران ئەدهەم ئەو کەسەیە کە بە هۆی لێهاتوویی‌یەوە بۆ ئەو پۆستە پێشنیارکراوەبۆیە وتاری ئەو چەند مەلایە بووە هۆی ناڕەزایی هەڵەبجەییەکان بە کارێکی نایاسایی نادەستوری دەزانن لەم بارەیەوە نیعمەت مەعروف بەرپرسی کۆمیتەی هەڵەبجەی حزبی شیوعی وەك هەڵەبجەییەك نیگەرانی خۆی پیشاندا وتی"کاکەییەکان لە هەڵەبجەدا مێژوویەکیان هەیە وچەندین ساڵە بەشێکن لە مێژوو کەلتوری ئەم شارە ولە دەزگا حزبی و حکومییەکانی ناوچەکەدا خزمەت ئەکەن و تائێستا کەس جیاکاری ئایینی لەگەڵ نەکردوون"پاشان لە بارەی ئەو وتارانەوە وتی" جیاکردنەوەی مرۆڤ لەسەر بنەمای ئایینی و بیروباوەڕ نەك کارێکی نەگونجاوەو لەگەڵ بنەماکانی حکومەتێکی پێشکەوتوو دا ناگونجێت بەڵکو ئەوە پێشێلکردنێکی ڕاستەو خۆی مافەکانی مرۆڤیشە جگە لەوەی هەوڵێکیشە بۆ نانەوەی دووبەرەکی لە نێوان ئایینەکاندا"

بۆ ل٢

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
داوای ئازادکردنی ڕۆژنامەنووسی ئێرانی (ماشا اللّٰه شمس الواعظین) دەکات

لەبەیاننامەیەکدا، ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان نیگەرانی خۆی لەمەڕ دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووس (ماشاءالله شمس الواعظین) دەربڕیو لەبەیاننامەکەدا کە وێنەی بۆ ڕێگای کوردستان نێردراوە هاتووە" بەنیگەرانییەکی زۆرەوە هەواڵی دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووسیی بەناوبانگی ئێرانی (ماشاءالله شمس الواعظین) مان پێگەیشت ...کە ...لەلایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەستگیرکرا" و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان زیندانیکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسە ئێرانییە بە زیان بۆ سەر ئازادی ڕۆژنامەنووسی دەزانێت و بەیاننامەکەیان دەڵێت" بێگومان دەستگیرکردنی بەزەرەرو زیانی ئازادی ڕۆژنامەنووسی تەواو دەبێت، بۆیە داواکارین لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران کە چەند زووترە ئازاد بکرێت".

ڕۆژنامەنووس ماشاوالله شمس‌الواعظین یەکێك بوو لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە پارسال لەیادی ڕۆژنامەگەری کوردی سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە چەند بابەتێکی لەسەر ئازادی ڕۆژنامەنووسیو تێگەیشتنو دەستگرتن بە بنەماکانی ئازادی رادەربڕین پێشکەش کردووبەهۆی بوێریو ڕاستگۆیی لەگەڵ پیشەکەی زۆرجاری دیکەش دەستگیرکراوە یان لەکاری ڕۆژنامەنووسی ڕاگیراوە.

مەسیحییەکان ١٩٦٠ قوربانیان هەیە
١٥ هەزاریش پەنا بۆ کوردستان دەهێنن

سلێمانی: ڕەحمان غەریب

بەپێی ئاماری کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کەلدانی کە بارەگاکەیان لە شاری سلێمانییە ١٩٦٠ هاوولاتی مەسیحی لە شارەکانی عێراق لەلایەن تیرۆریستانەوە کوژراون، ٤٥٠٠ ڕووداوی ڕفاندنیش هەبوون، زیاتر لە ٤٥٠ خێزانیش ڕوویانکردۆتە شاری سلێمانی"

هاوڵ خیزقیە مشو سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە ، پێی وایە مەسیحییەکانی هەرێم کاتێك ئارام دەبێت کە ئارمی ڕاستەقینە ڕوو بکاتە وڵاتەکەمان ئێمە هەر لە دڵەڕاوکێدا دەژین تا مەسیحییەکانی شارەکانی تری عێراق ئارامیان بۆ دەگەڕێتەوە.

هاوڵ وتی" ڕاستە ئێمە بە ئازادی مەڕاسیمی خۆمان سازدەکەین، بەڵام ئێمە هەر لەدڵەڕاوکێدا دەژین، چونکە جارێ هەڕەشەو تۆقاندنو کوشتار بەرۆکی مەسیحییەکانی ناوچەکانی تری عێراقی بەرنەداوە" بۆل٢